# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٤٦) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. داشکاندنی ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیست لە بڕی پارەی کرێی بەشدارانی کارەبای کەڵەکەبوو لەسەر هاووڵاتییان تاوەکو ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی کارەبا.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**